Referendum for Kurdistan

کەمپینی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان

خۆپیشاندانەکەی سلێمانی ڕایگەیاند

سەربەخۆیی ڕێگاچارەی خەڵکی کوردستانە نەك فدرالیزم

ڕۆژی 24تەموزی 2004 بەشێك لە لاوانی شاری سلێمانی سەرەڕای ڕێگریەکانی یەکێتی نیشتمانی خۆپیشاندانیان بۆ سەربەخۆیی کوردستان کرد. ئەم خۆپیشاندانە خۆبەخۆیی یە بەشێك لەو خواستە هەمەگیرەی سەربەخۆییەی کوردستانە کە زۆربەی خەڵکی کوردستان پشتیوانی لێدەکەن. بە پێچەوانەی پروپاگەندەی زۆر و زەبەند وهەمە ڕۆژەی ئیعلامی ئەحزابی ناسیونالیستی حاکم لە کوردستاندا بۆ فیدرالیزمی قەومی خەڵکی کوردستان ڕێگاچارەی خۆی لە سەربەخۆییدا دەبینیتەوە وچی تر فریوی ئەم پروپاگەندە چەواشەکاریە ناخوات. خواست وڕێگاچارەی سەربەخۆییەی کوردستان لە ڕابردوو و لە ئێستادا لە کوردستاندا سەرەڕای ڕێگری و سەرکوتی یەکێتی وپارتی لەلایەن خەڵکی کوردستان و کەمپینی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستانەوە بەرزکراوەتەوە و بوەتە دیاردەیەکی ناسراو و جێکەوتوو.

خەڵکی کوردستان ئەمڕۆ دەزانن کە ئەحزابی حاکم بونەتە بەشێك لە دەسەلات لە عێراقدا و بەشوێن پاراستنی بەشە دەسەڵاتی حزبی و ئابوری خۆیانەوەن و ئایندە و مافی چارەنوسی خەڵکی کوردستان پاشکۆی پاراستنی ئەم بەشەیانە. هەربۆیە ئەمڕۆ بەدیل وبەرژەوندی کەوتۆتە دژایەتی ئاشکرای لەگەڵ خواست وڕێگاچارەی خەڵکی کوردستاندا.ئەم خەڵکە ساڵێکە بەدیلی فدرالیزمی یەکیتی وپارتیان لە دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعسەوە بەعەمەلی تەجروبە دەکەن و دەبینن فدرالیزم واتە ڕازی بون بە حکومەتی قەومی وئیسلامی عەلاوی –یاوەر بەمەرجێك یەکێتی وپارتی بەشی جێگریان بەرکەوێت و خەڵکی کوردستانیش ببنە هاوڵاتی پلەدوو. بەدیلی فدرالی واتە مافی چارەنوسی خەڵکی کوردستان لە بڕیاری مەجلسی ئەمندا با پشت گوێ بخرێت بەمەرجێك بەناویش بێت باس لەو فدرالیزمە بکەن کە بەشی یەکیتی وپارتی لەسایەیدا دابین دەکرێت.

ئەمڕۆ هاتنە مەیدانی خەڵکی کوردستان بۆ سەربەخۆیی ڕێگاچارەیە و ئەم دەنگە دەبێت سەرتاسەری کوردستان بگرێتەوە و ڕیزی ئەم خەڵکە دەبێت سەربەخۆ بێت و لە یەکێتی وپارتی جیابکرێتەوە. خەڵکی کوردستان بە هاتنە مەیدانیان بۆ سەربەخۆیی کوردستان خۆیان لە دەست سیناریۆی ڕەشی ئێستای شەڕی ئیرهابی لە عێراقدا ڕزگاردەکەن و ئایندە و مافی چارەنوسی خۆیان لە دەستی حکومەتی قەومی ئیسلامی ئێستا دەردەهێنن کە سبەینێ بێ شك هێرش دەکاتەوە سەر کوردستان و ستەمی قەومی دژ بە خەڵکی کوردستان پیادەدەکەن.

کەمپینی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان بانگەوازی خەڵکی کوردستان دەکات کە ڕێگاچارەی سەربەخۆیی هەڵبژێرن و بێنە مەیدان لەپێناو بەدیهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی سکۆلاری غەیرەقەومی لە کوردستاندا. لەم پێناوەدا خۆپیشاندان و کۆبونەوەی جەماوەری سازبکەن و دەنگی خۆیان بە دنیا بگەیەنن. ئێمە لە هەموو شوێنێك لەڕیزی پێشەوەی ئەم خەباتەین بۆ بەدیهێنانی سەربەخۆیی بۆ کوردستان.

کەمپینی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان

2004/07/26

PO BOX 1575 ILFORD IG1 3B2
TEL:07795330896
E.MAIL: asokamal1@aol.com
www.kurdistanreferendum.net